# ئەو ببورانەی دەکرا لە کاتێکی تردا بوترێن.

12فبرایەری 2000

شیعری بەکر ئەحمەد

تۆ لە دوشەکە دێیتە دەر
بەڕووتی لەبەر ئاوێنەی ماڵەکەدا ڕادەوەستی.
من بۆ لای خۆم کێشتدەکەم.
تۆ بە پرچ و
بە جەستەی تەڕ و لووسەوە
بەسەرما هاوارێك دەکەیت:
"هیچ کات و ساتت لانییە!"
ئەو کاتە زمانم گیرا.
ئاخر شە پۆلی ناو شووشەی ئاوێنەکە
ڕوخساری تۆی لێمدەگۆڕی
وێنەی ناو شووشەی ئاوێنەی "شێت بوو" لە کویَ و
وێنەی ئەوەی کە هەر خۆتی.
ببورە ئەوسا نەمزانی وات پێبڵێم.

لەسەر چر پاکە ڕادەکشێیت.
کتێبێکت بەدەستەوە و
بەناو جۆکەلەی وشەدا, بە کراسی کورتی بەرتەوە
بە پێی پەتی دێیت و دەچی.
پاش ماوەیەك سەرنجدەدەم
کتێبەکەی سەر ڕوخسارت دەموچاوت داگیردەکا.
من دێمە لات

به هێواشی, کتێبەکە لەسەر چاوانت لادەبەم
"بۆ پرس ناکەی؟
من لەناو خەونی وشەدام, بۆ دێیت و بێدارم دەکەی"
ئەو کاتە زمانم گیرا.
من دەترسام
نەبا جۆگەلەی ڕستەیەك بە چاوەکانتا بڕژێت و
لە خەوی قوڵ بێدارت کا.
ببورە ئەوسا نەمزانی وات پێبڵێم.

هەر تۆی گوڵەکان ئاودەدەی.
پاش چەند ڕۆژێکی دوای سەفەرکە دێیتەوە
دوو گوڵی زەردی ناو باخچەی ئینجانەکان
چاوانت بۆ خۆیان دەبەن.
تۆ پێمدەڵێی:
"دوایین وشەی کە پێم وتی, بەر لەوەی ئێرە جێبێڵم, گوڵەکان بوون"
ئەو کاتە زمانم گیرا.
من لە ماڵێکدا گەورە بووم
"ئەگەر پەیژەیشت بۆ هەتاو دابنایە"
نەیدەتوانی بێتە حەوشە.
ئیتر گوڵ چۆنی بتوانێ, بەبێ هەتاو هەناسە با؟
ببورە ئەوسا نەمزانی وات پێبڵێم.

تۆ دێیتە ماڵ.
بە تەنهایت و

له پشتیشتەوە بێکاری بە پێ دزکێ دەخزێتە ژوور.
دەستم لەسەر دەسکی دەرگا و کلیلێکیش بەدەستەوە
بەرلەوەی کە من بێمە ژوور
بێکاریم پێش خۆم دەکەوێ و ئەو دێتە ژوور.
لەناو ژمارەی کرێی ماڵ, تەلەفۆن و ئاو و ناندا
دەنگەدەنگێك, لە نێوا نماندا دێ و دەچێ.
ئەو کاتە زمانم گیرا.
نەمن سێبەرەکەی دوای تۆ و
نە تۆش سێبەرەکەی منت دەخوێندەوە.
ببورە ئەوسا نەمزانی وات پێبڵێم.

کراسێکی ڕەشی وەك پرچەکانی خۆت لەبەردایە.
کراسێکی ڕەشتر لە قژی من دەکڕی.
بەبەردەمما وەك پەپوولە سەما دەکەی.
" بۆ دەنگ ناکەی"
بە تیلەی چاو بانگمدەکەی.
"ئاخر ڕەنگی دیکە زۆرن"
لەناو سەماکەت دێیتە دەر,
لە شوێنی خۆت ڕادەوەستی: "بۆ هەر زەوقی خۆت فەرزدەکەی"
ئەو کاتە زمانم گیرا.
بالای عەقڵ و بالای زەوقم, ئاخر هێندە هەڵکشاو بوو.
ببورە ئەوسا نەمزانی وات پێبڵێم.